


شیعری حەمە کاکەڕەش

# زەریا بیابانی سەرابە

زەریا بیابانی سەرابە
ئێمە سەراب پەرستین
زەریابیابانی سەرابە..ئێمەبیابانی مردنین
زەریا پڕە لە ماسی خەون..ئێمەپڕین لە خەونی مردوو
زەریا پڕە لە شەپۆلی خەیاڵ..ئێمەپرین لە خەیاڵی ترس

زەریا پڕە لە مراوی عەشق..ئێمەپڕین لەیادگاری عەشق
زەریا ڕۆمانێکە..کەس نووسەرەکەی نا ناسێ
زەریا ئاگرێکە کەس نازانێ کێ هەڵیگیرساندووە
زەریا بەفرێکە..کەس نازانێ کەی باریووە
زەریا باڵندەیەکە..کەس نازانێ لەکوێوە هاتووە
زەریا پڕە لە جوانی..پڕە لە عەشق
پڕە لە خەیاڵ..پڕە لەپەپوولە
پڕە لەڕاستی..لەڕووناکی..لەدەنگ..لەگەرمی

لەڕەنگ..لەنەرمی..لەئازادی..لەهیوا..لەفڕین..لەخەون
لەسادەیی
لەپێکەوەبوون..لەپێکەنین..لەباخچە
لەکۆتر..لەئاوێنە..لەژیان؟
زەریا ئاخ زەریا
زەریا پڕە لە جەللاد..پڕە لەترەم..لەتەنیایی
پڕە لەسەرگەردانی..پڕە لەگریان..لەدڕندە
لەتاریکی..لەبەرد..لەدەر..لەبێدەنگی
لەقەفەس..لەدرۆ..لەزیندان
لەگۆڕ..لەمردن..لەنائومێدی

زەریا..ئەی پەپوولە ترین منداڵ
ئەی پاکترین عەشق
ئەی بێوەفاترین سۆزانی
ئەی دڕندەترین جەللاد
ئەی زەریا..زەریا
سەرم پڕە لەفڕینی تەیرەکانی تۆ
سەرم پڕە لە برینی عاشقانی تۆ
سەرم پڕە لە وەرینی باخچەکانی تۆ
سەرم پڕە لەگڤەی باو..زریانی تۆ
سەرم پڕە لە پێکەنین و..گریانی تۆ

سەرم پڕە لە ساردی کلووە بەفرەکانی تۆ
سەرم پڕە لە گەرمی تیشکەکانی خۆری تۆ
سەرم پڕە لە دڵی تەڕی دڵۆپە بارانەکانی تۆ
لە تریفەی پڕ لە تەنیایی مانگی تۆ
لەورشەی پڕ شەیدایی ئەستێرەکانی تۆ
سەرم پڕە لە خەمناکی بیابانی تۆ
سەرم پڕە لە عەزابی جەللادەکانی تۆ
لە ناڵە ناڵی کوشتنی جوانی تۆ
ئەی زەریا..کتێبەکان پڕن لە نائومێدی بۆ ڕازی کردنی من
ئەی زەریا.. کتێبەکان پڕن لە نیگەرانی بۆ وەسفی خواوەند
ئەی زەریا..کتێبەکان پڕن لە سەراب
ئێمە سەراب پەرستین و..ئیمانمان بە سەراب هێناوە
ئەی زەریا..من میهرەبانی خواوەندێک لە خوێنمدا قوڵپ ئەدا
ئەی زەریا..کوا ئەو خواوەندەی تۆی ڕەنگڕێژکردو....
ئێمەی بە پێکی ژیان و.. مردن گێژ کرد
خۆی کوشت.. یان سەرگەرمی ئاگری دۆڵەکانی دۆزەخە
خۆی کوشت..
یان گوناهەکانی ئێمە دەنووسێتەوە
زەریا..
ئەمەوێ خوا وەند ببینم.. بۆشایی ڕوحم پڕ بکاتەوە
چاوم پرسیاری لێ دەڕژێ

تەمەنم ئەکەمە دیاری وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە
ئەڵێم ئەی خواوەند تۆ بە بەتاڵی منت فڕێ داوەتە ئەم بیابانی سەرابە
کوا چاوێک بۆ بینینی قوڵایی شتەکان
کوا هەستێک بۆ هەستکردنی قوڵایی شتەکان
من کوێرم.. ناتوانم خەیاڵی گوڵێک ببینم پێش وەرین
بیرکردنەوەی کۆترێک ببینم پێش فڕین
چرپەی سەوزبوونی درەختەکان ببینم..کڵپەی دڵی بەفر ببینم
بیابانی ناو دڵۆپێ باران ببینم.. ئەی خواوەند بۆ ناتوانم
لە رینەوەی سێوێک ببینم لە کاتی سوور بوونا
ناڵەی دەنکێ لم ببینم لەکاتی ونبوونا
لە جریوەی چۆلەکەکان تێبگەم لە کاتی فڕینا
نزای گەڵاکان ببینستم لەکاتی وەرینا
ناڵەی هەورەکان شەرحکەم لە کاتی بارینا
ئەی خواوەند..فێرم کە ئەو یادگاریانە بخوێنمەوە کە شەپۆلەکان لەسەر لمی کەنار بەجێی دەهێڵن
ئەی خواوەند..بۆ شوێن پێی ڕیشۆلەکان لە سەر بەفر
لە تابلۆی شێوەکارێکی نائومێد ئەچن
ئەی خواوەند..پێم بڵێ .. ئاگر ئەسووتێ،با.. با  دەیبا
ئاو تینووی دەبێ.. شەو هیچ ئەبینێ
ڕۆژ هیچ ون ئەکات.. بەفر ڕەق دەبێتەوە

پەپوولە هیچ ئەکوژێ.. ئەی خواوەند
پێم بڵێ تاریکی کەی بە ئاگا دێتەوە
ڕوناکی بۆ هەر پێدەکەنێ
ئاسکە بۆهێندە خێرایەو..کیسەڵ پڕە لەخاوی

بۆ هەموو ڕێگاکان ئەچنەوە سەر بانەی مردن
ئەی خواوەند کەخۆت نامری بۆ ئێمە بەمردن هەراسان دەکەی
بۆ ئێمە بەمردن وێران دەکەی.. ئەی خواوەند
ئەم مردنە چییە لەبەردەم هەموو پەنجەرەیەکدا
لەبەردەم هەموو پەپوولەو گوڵێکدا.. لەبەردەم ئەستێرەو کۆترێکد
لەبەردەم هەموو ژووان و خەیاڵ و.. پێکەنینێکدا
لەبەردەم هەموو فڕین و... نیشتنەوەیەکدا
ئەم مردن چییە؟؟چی؟
ئەو درەختە مردن نەیهێشت گوڵ بگرێ
ئەو ژنە مردن نەیهێشت گۆرانی بڵێ
ئەو منداڵە مردن نەیهێشت گەورەبێ
ئەو کۆترە مردن نەیهێشت لەلاپەڕەکانی ئاسماندا
یادگارەکانی بنوسێتەوە
ئەو نامەیە مردن نەیهێشت بخوێندرێتەوە
ئەو ئاوێنەیە مردن نەیهێشت کەس ببینێ
ئەو سێوە مردن نەیهێشت باڵدەرکات

ئەی.. خواوەند.. تۆ کەخۆت نامری ئەم هەموو بارانی مردنەبۆ؟
ئەم هەموو زریانی مردنە بۆ ،ئەم هەموو بەفری مردنە بۆ
ئەی خواوەند.. ئەو هەموو باخچەی ژیانە مردن وێرانی کرد
ئەو هەموو بەفری ژیانە مردن ئاگری تێ بەرداو..مردن ڕەشی کردەوە ئەی خواوەند
ئەم هەموو فرمێسک و تاریکی و بێدەنگی و تەنیای و
هاوارو شێتییە.. مردن وای کرد مردن
ئەی خواوەند تۆ کەخۆت نامری بۆ خۆشیت بە مردنی ئێمەدێ
ئەی خواوەند.. تۆ کەبەسۆزترین بەسۆزتری.. ناسکترین.. ناسکتری
پاکترین.. پاکتری هەقترین هەقتری.. میهرەبانترین میهرەبانتری
جوانترین جوانتری.. عاشقترین عاشقتری
ئەی خواوەند بەتاڵم کە لەگومان
گەر تۆ ئەم بیابانی سەرابەت خوڵقاندووە
بەنەخش و نگاری.. نەعەشق و.. جوانی
چۆن دڵت دێ وەک گورگێ مردن بەردەیتەگیانی
تۆ خواوەندی سۆزو گوڵەکان و عەشقی
یان خواوەندی وێرانکردن و.. مردن و.. سەرگەردانی